www.kurdistannet.org
10-11-2007 22:49 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## کە نەزیک بووین! ... شێرکۆجەلال

لەوکاتانەی
لێك نەزیك بووین
ژوورەکانمان ڕاوێشگە بوون
درەختەکان
ڕایەڵە بوون
لەبەهارچواردەورمان
هەمووی دیزەڵەی سەوزبوو
پڕی لەوشەی عەشق بوو
لەپایز
دەنگەژێیی گەڵاڕژان بووین
لەهاوین
دەورانی هوڕەی گەرم بووین
لەزستان
دەواری بەفری سپی بووین
تەنها ئاسمانمان دەبینی
ڕەنگی شین چەشنی ڕایە بوو
نازانم بۆ
هەرلەم ژوورە ڕاوێشگەیە نەماینەوە
خۆگەرلەسەرخاك ڕایەخێك نەمابا
سەفەری ئاسمانمان دەکرد
ڕۆژانە چاوەڕوانی سۆزی دەلیاچەی
ژەنینی نەی پەنجەی پەریەکان دەبووین
یان سەرخۆشی دابارینی
حاڵوزکری
دەنگی دەفی دەروێش دەبووین
لەسەرەوە
لەوئاسمانەی من و تۆدا
گوێمان لەخۆش خوانی دەروێشەکان دەگرت
ئێمەش لەنەزیکی ئەم خۆر وەزانە
فێری زکری عەشق دەبووین...

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.